# یادگارەکانی خێڵی مامەلی ئۆغرتان خیر

ڕووناک شوانی
runakshwani@yahoo.com



ئەوان  لە ڕاهە پڕ خەتەرەکانەوە هاتن و بەسەر لەمپەری ئاگردا بازیاندا ، ئا لێرەدا لەم خاکە ڕەنگ پایزییەدا ، لە ژوورێکدا ، تەنها ژوورێکی چکۆلەی سارد و سڕی لە بلۆک هەڵچنراو ، بێ پەنجەرە ، بێ باخچە و حەوشە ،  لەسەر ئەم بستە خاکەی گەرمیان سوکنایان گرت .

بەدەم ژماردنی دەنکە مورووەکانی تەسبیحە پیرۆزەییەکەیەوە ، میمکە فاتم ، شەو و ڕۆژ خەریکی ژماردن بوو . ئەو ناوەکانی خودای نەدەژمارد ، خەتمەکەی ئەو لە قولەی ژمارەیەکی دیکەدا کۆتایی ئەهات  و دەستی بە خەتمی تازە ئەکردەوە . ئەو خەڵکە ئەنفالکراوەکەی خێڵی مامەلی ئەژمارد ، نا.. نا... ئەو دایە خەمەی گرتووخانەکەی نوگرەسەلمان بوو ، نا وا نەبوو  .. خەمی ئەو گەلێک لەوە قورستر بوو ئەو خەمی مێژوویەکی سەراپا کۆست و کارەساتی لە کۆڵ گرتبوو . پێرستی پەرتووکی ئەو خەمە لە خەتی دەم و چاو و دەستە زبرەکەی بە ڕوونی ئەخوێندرایەوە . ئەو هەرگیز بە تەنها نەبوو ئاخر مام وەلی برا و هاوخەمی  بوو . هەمیشە پێکەوە بەسەرهاتی شەوی کارەساتەکەیان ئەگێڕایەوە ، دووبارەیان ئەکردەوە، مەزەندەیان ئەکرد ، داخۆم کە دێیەکە چۆڵکرا ، ئەحەی مامەلی لەو دەشتە بەرینەی نێوان قەڵاچەرمەڵە و بنەی خەپە کوێر چی بەسەرهات ؟؟ چی ڕوویدا ، ئەی خێڵ هەمووی ڕووی لە کوێ کرد، ئای لەو شەوە و شەوانی دیکەی هەموو ئەم وڵاتە لێوا و لێو لە کارەساتە ...

 ببورە خوێنەری ئازیز ، ئەمەی خوێندتەوە پێشەکی چیرۆکێک نەبوو ، ئەمە خەمی ڕۆژانە  و ژیانی دوو مرۆڤ بوو، بەڵێ  دوو مرۆڤی لە بیر کراوی سەردەمی ئەنفالی ڕەش کە کەس نەهات بە سۆراخیانەوە . وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی ئەم دوو مرۆڤە نموونەی چیرۆک و تراژیدیای میللەتێکە کە نەفرەتی ئەنفال هەمیشە ها بە شوێنیەوە ، لەگەڵ قاوەڵتی ئەیخۆین و شەوانە لە شیرین خەودا ڕامان ئەچڵەکێنێت . لەم وڵاتە لە بیرکراوەی ئێمەدا  ڕووحی مرۆڤەکان هێندە ماندووە ، هەست  بە بوونی  دیوارێک ناکەن لە نێوان ژیان و مەرگ ، زیندان و ئازادیدا .

بۆ مرۆڤی خاوەن ویژدانیش سفرە و ئاگردانی سارد و سڕی ئەم خۆیشک و برایە ، تەنها گۆشەیەکە لە نموونەی ژیانی مەمرە و مەژی هەژارانی  ئەم وڵاتە . لە کاتێکدا ئەوانەی لەسەر پلیکانەی کەلەسەری ئەنفالکراوەکان و ئەم خەڵکە زەحمەتکێشە سەرکەوتن ، ئەمڕۆیش پاروی دەمی هەژاران ئەڕفێنن و ئەیکەن بە دراوی گرانبەها و لە بانکە جیهانییەکاندا ئەیشارنەوە . بەڵێ ئەنفالچیەکان ، ئەمڕۆ قووتی میللەت ئەنفال ئەکەن .

له بەروارێکی تۆمار نەکراودا ، ئەم دوو شوانکارەی خەمە ، جەستەیان ئەم خاکەی جێهێشت . گەرچی ڕوحیان لەگەڵ هاتنە خوارەوەی سوورەتی ئەنفالدا بە شمشێرەکەی نەوەکانی عوبەیدە ئەنفال کرا . نە لەسەر دێڕی هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانییەکانی وڵات نە لە دوا لاپەرەی ڕۆژنامەکاندا ، ئەم هەواڵە دڵتەزێنە بڵاونەکرایەوە .

نەخێر ئەی مرۆڤدۆستەکان ، ئەم ڕەمزانە بە بێدەنگی ڕۆیشتن ، هەروەک ئەو هەموو قوربانیانەی کە لە بیابانەکانی مەرگ گەڕانەوە و ژیانیان پەیدا نەکردەوە ،ماندوویی ڕۆژگاری ڕەش لە جەستە شەکەتەکانیاندا مایەوە ، وتەکانیان تۆمار نەکرا ، بەسەر هاتەکەیان وەک ژیانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئۆردوگا زۆرەملێکاندا زیندە بە چاڵکرا. بەداخەوە ئەمە ئێمەین لەوەتەی هەین هەرگیز پەند لە ڕابردوو وەرناگرین، ئەوە نییە مێژوومان لاسایی بەردەکەی سیزیف ئەکاتەوە ،هەرچی بەرەو ژووری ئەبەین دووبارە هەرەس دەهێنێت و بەرەو خوار گلۆر ئەبێتەوە .

ئەی عاشقانی ئازادی و ژیان ، هەموو ڕۆژێ بەر لە زەردە لەسەر مەزاری پیرۆزی حەزرەتی میمکە فاتم و مام وەلی ، جووتێ پەپوولەی عاشق باڵە فرکێیانە . ئەمانە ڕووحی ئاسوودەی ئەم مرۆڤە بێگەردانەن . هەموو شەوی بەراتێکیش سەرنج بدەن لەسەر چۆمی ئاوەسپی بێستانکارەیەک بە بەرگێکی سپییەوە وەستاوە ، نوقڵ و گوێزەبانە ئەبەخشێ بە منداڵە ڕەش و ڕووتەکانی گەرمیان . دڵنیا بن ئەویش حەزرەتی مام وەلییە .

---

تێبینی / میمکە فاتم و مام وەلی لە یەکێ لە ڕۆژەکانی فیبریوەری کۆچی دواییان کرد، پاش ماڵئاوایی مام وەلی بە سێ ڕۆژ میمکە فاتمیش کۆچی دوایی کرد.